**نامەیەك بۆ سكرتاریەتی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

بەریزان سلاو رێزمان هەیە بۆتان !

بەڕێزینەبەداخەوە ئێمە تەنها ئەو پینج کەسەین کە لە کارەساتی ئەم چەند ڕۆژانەی ڕابردو لە جەزیرەی. . . دا، لە کۆی ٣٥ کەس دەرچووین.

هێشتا بەنج و ئازارەکانی کارەساتی نێو ئەم دەریا وەیشوومە بەری نەدابووین وکۆتایی پێ نەهاتبوو کە نووینەرانی ئێوەمان لە خەستەخانە لە پشت سەری خۆمانەوە بینی یەوە، ئەوان پاش ئەم سەفەری مەرگە، یەکەمین کەسانێك بوون کە زمانی قسە کردنیان پژاندین. لەو ڕۆژەوە ئاگادارین کە چۆن ئێوە شەو ڕۆژ بەدەم ئازارەکانی ئێمەوەن و لەگەلماندا دەژین لە هەولٚ وکۆششدان بۆ ئەوەی سۆراخی هاوسەفەرەکانی ئێمە بزانن، لە هەولدان بۆ دۆزینەوەی لاشەی ئەو کەسانەو ناسینەوەو وەبیرهینانەوەی ناوەکانیان لە زمانی ئێمەوە، هەواڵمان بیستووە کە چۆن لە هەولّی ئەوەدان کە هەموو دنیا لەم ڕووداوە تێ بگەیەنن و. . . .

ئەو کارەی کە ئێوە پێی هەلساون و پێی هەلدەسن جێگەی شانازی هەموو کەسانیکەو ئێمە ناتوانین بەتایبەت لە ئێستەدا هیچ پاداشتێکی ئێوە بدەینەوەو هیچ کارێك بکەین جیاواز لە دنیایەك سوپاس و پیزانی ئێمەو خێزانەکانمان نەبێت !

بەڕێزینە ریگە بدەن با سەرباری ئەو هەموو هەول و تەقەلایەتان دواکاری یەکی تریش بخەینە بەردەستان :

چونکە جیاواز لە هەموو ئەمانەی کە کردوتانە دیارە ئێستەش چارەنووسی ئێمە ڕۆشن نی‌یەو نازانین چ ئایندەیەك چاوەڕوانمان دەکات، بەلام دلّنیاین ئەگەر پشتیوانەو هەول و تەقەلای ئێوە نەبێت چارەنووسمان لەوانە باشتر نابێت کەزۆر پێش ئێمە هاتوون.

بۆیە جارێکی تر لەگەل دنیایەك سوپاس و ستایشی ئێمەدا ئەم داوایەتان دەخەینە بەردەست کە بەڵکو بە دوای دیاری کردنی چارنووسمانەوەبن و با پاش ئەم هەموو ئازارو دەردیسەریە لایەنی کەم ئێمە ئەو مافە بە دەست بهێنین کە دەیان هاوڕی و هاوسەفەرمان گیانیان بۆ لەدەست دا.

ئێوە بە هەقیقەت سەلمانتان کە ڕێکخراوی ئێمەی پەنابەرانن، کە بە داخەوە جگە لە ئێوە هیچ کۆمەلەو ریکخراویکی پەنابەری تر نەبوو کە بیت بە تەنگمانەوە، بۆیە دەڵێن بەهیوای سەرکەوتن و بەردەوام بوونتانین !

چاوەروانی دڵسۆزی ئێوەو پشتگیری لیٚ کردنی بەردەوامتانین :

١. ئەنور ئاسۆ
٢. حسن جاف
٣. عبدلکریم شەوکت
٤. جمعە لك
٥. علی ئازاد

جاریکی تریش سوپاس و سەرکەوتووبن

٢٧ / ١ / ٢٠٠٣